# ئاینده

ژمارە (١٥١) ساڵی سیانزەیەم
دووشەمە، ٢٠١٠/٢/١
یەکەم ژمارەی ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە
www.khushkan.org

ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنانە، یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان مانگی دووجار دەریدەکات


### قوتابیەکی بەجێماوی کارەساتی هەڵەبجە،ئامادەی حوکمدانی تاوانبارانی کەیسی هەڵەبجە دەبێت

ناسک تۆفیق/یەکێک بوو لەوکەسانەی کەلەکاتی کیمابارانی هەڵەبجەدا لەزانکۆی بەغداد قوتابی بوو، پاش تێپەڕوونی نزیکەی (٢٢)ساڵ بەسەر ئەوکارەساتە دڵتەزێنەدا یەکێک بووە لەو ئامادەبوانەی کەلەکاتی حوکمدانی تاوانبارانی ئەو کارەساتەدا وەک پەرلەمانتارو نوێنەری خەڵکی هەڵەبجە لەبەغدا ئامادەبوو، وتی: (دوای تێپەڕبوونی ئەوچەند ساڵە ئێستا ئامادەی حوکمی تاوانبارانی ئەو قەزیەیە بووم، بەفرمێسکەوە پێشوازیمان لەبڕیارەکە کرد)

درێژەی دیمانەیەک لەگەڵ خاتوو(ناسک تۆفیق) لەم بارەیەوە لەژمارەی داهاتوودا بخوێنەرەوە.

# سلێمانی: لە ساڵی ٢٠٠٩دا ڕێژەی مارەبڕین لە جیابوونەوە زۆرترەو تەنها یەک حاڵەتی ژنی دووەم تۆمارکراوە



**ئا_شانۆ عارف/ سلێمانی**.........................................

بە پێی ئامارێکی دادگایی باری کەسێتی سلێمانی کە بۆ ڕۆژنامەی (ئاینده)ی ئاشکرا کردبوو، ڕێژەیی هاوسەرگیریو جیابونەوە لە دادگایی سلیمانیو دەرەوەی دادگا، لە بەرواری ٢٠٠٩/١/١ وە تا ٢٠٠٩/١٢/٣١ دەرکەوت کە (٦٨٩٣ ) داوایی مارەبڕین لە دادگا تۆمارکراوە، (٥٠٢) داوایی مارەبڕین لە دەرەوەیی دادگا تۆمارکراوە ، هەروەها ڕایانگەیاند کە تەنها (١) حاڵەتی ڕێگەدان بە ژنی دووەم تۆمارکراوە.

ڕێژەی ئەو سکاڵایانەیی بۆ تەڵاق هاتووە (٣٢٦) سکاڵابووە، (٢٨٤) سکاڵایان بڕیاری تیادەرکراوەو (٤٢) سکاڵاشیان بۆ ساڵی ئاینده ماوەتەوە.

هەروەها ئاشکرایان کرد کە داوایی جیابونەوە (تفریق قضائـی) کە حاکم بڕیاری تیادا دەردەکات (١٠٦٠) سکاڵا هاتووە، (٨١٦) سکاڵایان بڕیاری تیا دەرکراوەو (٢٤٨) سکالا□شیان بۆ ساڵی ئاینده ماوەتەوە.

ڕێژەی ئەو جیابونەوانەیی کە لە دەرەوەیی دادگا تۆمارکراوە (٨٢٢) تەڵاقی دەرەکی واتا ئەو تەڵاقانەی لە دەرەوەی دادگا تۆمارکراوە وەک سکاڵا تۆمارکراوەو (١٩٠) سکاڵاشیان بۆ ساڵی ئاینده ماوەتەوە.

بەپێی توێیژینەوەکان کە لە سەر جیابونەوە ئەنجامدراوە دەرکەوتووە کە زۆربەی تەڵاقو جیابوونەوە لە نێوان ئەو ژنو مێردە لاوانەوە ڕوودەدات کە لە سەرەتایی ژیانی هاوسەریدان، بەتایبەت لای ئەوانەی کە لە خوار (١٨) ساڵیەوەنو چونەتە ژیانی هاوسەرداریەوە.

# مەڵبەندی تەندروستی (عەلی شیعە) لەخورماڵ (٤٦) گوندو (٩) بنکەی تەندروستی لەسەرەو تائێستا هۆڵی منداڵ بوونی نیە!

**فاتمە ئەدهەم/ خورماڵ**.........................................

مەڵبەندی تەندروستی (عەلی شیعە) لەخورماڵ، لەبەرواری ٢٠٠٩/١/١ بووە بەمەڵبەندی تەندروستیو پێشتریش لەساڵی ١٩٩١ بنکەی تەندروستی بووە، بەڵام تائێستا هۆڵی منالبوونی نیە.

لەلێدوانێکدا بۆڕۆژنامەی ئاینده بەڕێوەبەری ئەم مەڵبەندە دکتۆر (عبدالعزیز شەوکت) ڕایگەیاند: "هەرچەندە دوای بوونی لەبنکەی تەندروستیەوە بۆمەڵبەندی تەندروستی، کاری باشی بۆکراوەو چەندەها بەشی بۆکراوەتەوە، وەک: تیشک و سۆنەر و چارەسەری سروشتی و هۆڵی تەداوی و چاودێری گەشەی منداڵ و یەکەی دەرمانە درێژ خایەنەکان کەئەمە هەمویان گرنگن کەهەبن"، بەڵام شتی گرنگتر نەبوونی هۆڵی منداڵ بوونە، سەبارەت بەمەش ناوبراو ڕایگەیاند: "لەبەر نەبوونی دکتۆرەی تایبەت و کارمەندو پێداویستی تر، ئەم بەشە نەکراوەتەوە، ئێمە ناتوانین ئەو بەشە بکەینەوە تاوەکو بەتەواوی هەموو پێداویستیەکانی جێ بەجێ نەکەین، چونکە لێرەدا مامەڵە لەگەڵ دوومرۆڤدا



دەکەین، ئەوکاتە تۆناتوانی ئەگەر پێداویستی منداڵ و دایکەکە نەبێت ئەوەنابێ ئەو بەشە بکرێتەوە، لەئێستادا تەنها یەک دکتۆرەی ژن هەیە ودکتۆرەی سۆنەریش کەزۆر گرنگە لەهەفتەیەکدا چەند ڕۆژدەوام دەکات، ئەوکاتە دەبێت ڕۆژانە دەوام بکات، چونکە پێویستە".

هەروەها ئەوەشی ڕوون کردەوە: "کەئێستا ئەم مەڵبەندە بەردەوام ٢٤ کاتژمێر دەوامی تێدا دەکرێت، وەماوەی ٦مانگیش دەبێت کەکاردەکەین بۆکردنەوەی هۆڵی منال بوون، شتێکی وانەماوە، بڕ□یارە بەم نزیکانە بکرێتەوە".

ئەو بەڕێوەبەرە کردنەوەی هۆڵی منال بوونی بەگرنگو پێویستزانی، وتی: "خورماڵ ناوچەیەکی چەقە و زۆرترین گوندی لەسەرەو خەڵکی ڕووی تێدەکات، لەئێستادا ٤٦ گوند و ٩بنکەی تەندروستیش سەر بەم مەڵبەندەن".

سەبارەت بەوەی کەژنان لەکاتی منداڵ بوندا ڕوولە نەخۆشخانەکانی هەڵەبجە و سلێمانی دەکەن و ئەمەش بۆخۆی گیروگرفتە، جاری واهەیە کەنەخۆشکە سەعات ٢ی شەو دەبرێت بۆنەخۆشخانەکانی هەڵەبجە یان سلێمانی، ئایا تائێستا حاڵەتی مردنی کۆرپەلە یان دایکەکە ڕووی نەداوە، دکتۆر عبدالعزیز وتی: "شتی وانەبووە، مەگەر ئەوەی کە لەدەرەوەی نەخۆشخانە ڕووی دابێت وئێمە ئاگادارنەکرابینەوە، چونکە ئەو ژنانەی کە سکیان پڕە، پێش تر لەلایەن دکتۆری خۆیانەوە ئاگادار دەکرێنەوە".

# لەپێشبڕکێی ڕۆژنامەوانی تایبەت بەدەروون دروستی (٣) ژن خەڵات دەکرێن

**ئاینده-هەولێر**.........................................

ڕێکخراوی فریاگوزاری و گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (ird) لەبەرواری٢٠١٠/١/٢٤لەشاری هەولێری پایتەختی کوردستان ولەهۆڵی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی هەولێر،ئەنجامی پێشبڕکێی ڕۆژنامەوانی تایبەت بەدەرون دروستی ڕادەگەیەنێت.

دوای تاووتوێ کردنی بەرهەمی بەشداربوان لەلایەن پەیمانگای کوردستانەوە ئەنجامی پێشبڕکێ کە ئاشکرا کرا و خەڵات و بڕوانامەی ڕێزلێنانیان بەخشرایە سەرکەوتوەکان کەلەناویاندا ٣خاتوون بەناوەکانی (هەوار علی) خەڵاتی یەکەمی ڕادیۆییو پێشکەشکاری بەرنامەی (بەیانی نەوا)، (هەژین نەوزاد) خەڵاتی چوارەمی (tv) بەرنامەی ئێستای جەماوەر، (شیلان یاسین)خەڵاتی سێیەم (نوسین) گۆڤاری وارڤین بابەتی (فۆبیا) خەڵاتکران.

شایانی باسە ڕێکخراوی (ird) لەحوزەیرانی ساڵی ڕابردوو بەشێوەیەکی فەرمی بۆخزمەتکردن و گرنگیدان بەنەخۆشیە دەرونیەکان پێشبڕکێ یەکی بۆدەزگا ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامە نوسان، ڕاگەیاند..



### بەیاننامەی ناڕەزایی سەبارەت بەو توندو تیژیانەی لە هەندێ لە ڕاگەیاندنەکانەوە بەرامبەر بە ژنان پیادە دەکرێن

دەربارەی ئەو توندوتیژیانەی کەلەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە لەهەرسێ بواری بینراو بیستراو ونوسراودا بەرامبەر وێنای ژن لەڕاگەیاندنەکانەوە دەکرێت، ژمارەیەک نوسەرو کەسایەتی بواری پشتیوانی کردن لەمافەکانی ئافرەتان، لەبەرواری (٢٠٠٩/١٢/٢٧) داو لەکۆبونەوەیەکی فراواندا بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەسەر ئەم دیاردەیە، بەیاننامەیەکی ناڕەزاییان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد، کەئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بەڕێزان/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
-وەزارەتی ڕۆشنبیری
-سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان
-لیژنەی ژنانی پەرلەمان
-سەرجەم ڕۆژنامەنوسان

ئاشکرایە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری کوردی لەهەرێمی کودرستاندا هەڵکشان وبەرەو پێشچوونی پێوە دیارە و ژمارەیەکی بەرچاو لەڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵ دەردەکەون ودەبینرێن، ئەمە لەکاتێکدا کەمایەی خۆشحاڵیو برەودانە بە ڕاگەیاندنی کوردی و ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لەوڵاتەکەماندا، بەڵام مەخابن بەداخەوە لەهەندێک گۆڤارو ڕۆژنامەدا، وێنەی ژن بەشێوەیەک بلاودەکرێتەوە کەوێنایەکی شێوێنراوەو زۆرێک لەبابەتو داتاو هەواڵەکان، بنەمایەکی زانستیو دروستیان نیە، بەشێوەیەک کە ڕوودانی چەند حاڵەتێکی نامۆ لە قەبارەی خۆیان زۆر گەورەتر دەکرێن و وەک دیاردە باسیان لێوە دەکرێت، بە شێوازێک خەریکە ژن تەنها لە جەستەدا ببینرێتەوە و ژیری و تواناکانی تری وەلا بنرێن، ئەمانەش بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتیو زیادبوونی توندوتیژیەکان بەرامبەر بەژنانو تێکچوونی شیرازەی خێزان و بەرزبونەوەی ڕێژەی جیابونەوە، کەسەرجەمیان دەبنە ڕێگر لەبەردەم هاتنە پێشەوەی ژنان لە بازنەکانی کارکردندا و تێڕوانینی هەڵە بۆ ڕۆڵ و پێگەی ژن دەچەسپێنن، لەلایەکی تریشەوە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری کوردی بەئاقاری دروستو باشی خۆیدا نابەن وهیچ خزمەتێک بەکۆمەڵگەکەمان ناکەن.

بۆیە ئێمە ئەمانەی لەخوارەوە ناومان هاتووە ئیدانەو مەحکومی هەر دەزگاو بڵاوکراوەیەک دەکەین کە سوکایەتی بەکەرامەتو کەسێتی ژنی کورد بکات و ڕاستییەکان ئاوەژووبکات و داوادەکەین:

١- دەزگاو لایەنی بەرپرس پێداچونەوە و چاودێری ئەو کەناڵ و بلاوکراوانە بگرنە ئەستۆ.

٢- یاسا بەرقەرار بێتو بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەری مامەڵە لەگەڵ شوێنو کەسی پەیوەندیدار بەو بلاوکراوانە بکرێت.

٣-داوا لەسەرجەم ڕۆژنامەنوسان دەکەین ئیتێکی ڕۆژنامەوانی پشتگوێ نەخەنو چیدی داتاو بابەتی نازانستی بلاونەکەنەوە

٤- سەرنوسەری بلاوکراوەکانو وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەم مەسەلەیە بەهەندبگرن وکاری جدی لەسەربکەن.

٥-دواکاری گشتی بەجدی بەئەرکی خۆی هەستێت لەمەڕ ئەو مەسەلەیە.

٦- ژنانی بەهیمەتی ئەم نیشتیمانە بەهیچ شێوازێک ئەم شێواندنو سوکایەتیکردنە بەکەسێتی و پێگەیان قبوڵ نەکەن.

لایەن و ناوەکان:
-لیژنەی سلێمانی بۆپشتیوانیکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسانی مێینە/لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان
-سەرنوسەرو دەستەی نوسەرانی گۆڤاری سایە
-بیخاڵ ئەبوبەکر/سکرتێری ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان
-سنەوبەر ئیسماعیل/سکرتیری کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان
-ئالا کەمال عەلی/بەرپرسی ڕاگەیاندنی سەندیکای کرێکارانی هەرێمی کوردستان
-سەرگول قەرەداغی/ئەندامی پەرلەمانی کوردستان
-خەرامان محەمەد/ڕۆژنامە نووس و چالاکوانی بواری ژنان.
-منیرە عبدالکریم/بەرپرسی لاپەرەی ژنان لەکوردستانی نوێ
-هیرۆ جزا/لەکوردستانی نوێ
-رقیە عبدالعزیز/خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری پەیامی خوشکان
-قەدەمخێر عبداللە/ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلیمانی
-هەلالە محەمەد/سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئاینده
-ضمیاء توفیق داود/ نوێنەری ژنانی ڕۆژنامەنوس لە حیزبی سوسیالیستی کوردستان
-ژیان حەمەسەعید/چالاکوانی بواری ژنان
-راز محەمەد و نوسەیبە هەردەوان/پەیامنێرانی سایتی یەکگرتووی خوشکان و ڕۆژنامەی داهێنان

٢٠١٠/١/٢٤